# بەبێگۆڕانكاری بنەڕەتی لە ئێراقدا، فیودراڵی بۆ كورد بە دەستكەوتی سیاسی ناژمێردرێت

ئارام عەزیز

گەر لە هەر مرۆڤێكی ئەم گۆی زەمینە بپرسیت كە باشترین سیستەمی دەوڵەتیی بۆ گەلانی ئێراق لە پاش سەدام، لە مەڕ چارەسەركردنی كێشە سیاسی یەكان چی یە؟ بە بێشك وڵامی ئەو، عێراقێكی دیموكراتی فیودرالی دەبێت. بە بۆچونی زۆرینەی خەڵك لە ڕژێمێكی نوێی دیموكراتی دەتوانرێت زۆربەی داخوازیەكانی گەلانی ئێراق، بە كوردیشەوە، بەجێ بگەیەندرێت. بەڵام لە باری واقعیدا، كێشەی سیاسی كورد لە ئێراقێكدا كە" خوێندكارانی قوتابخانەی عیراق العروبە"

ئەندازیاری پاشە ڕۆژەكەیین، چارەسەرناریێت. وڵاتێك كە لە سەر بناغەی " باڵادەست بوونی " نەتەوەیەك بە سەر نەتەوەیەكی بەزۆر "پێوەلكێندراو" دامەزرابێت و، مافی گەلانی دیكە و دیموكراسی لە مێژوودا بە خۆوە نەبینیبێت، تۆ بڵێت پێكەوە ژیانی خودی عەرەبەكانی عێراق، لەو فیودراڵیەی كە باسی لێوەدەكێرت كارێكی سەناهی و ئاسایی بێت. ؟ لە چۆنێتی

مامەڵەكردن لە گەڵ ئەو بەپێشهاتە مێژووییەی ئەمڕۆیش، سەرانی سیاسی كورد دەبێت بیری چەند هەڵسەنگاندێكی سیاسی، مێژویی، جیوگرافی، دیمۆگرافی و. . . هتد–یان، بۆ گەلی كورد لە ئێراقی ئایندەدا، هەبێت. ئە گەر چاو برینە پلە وپایە لە ئێراقی پاش سەدام، سەرانی لایەنە سیاسی یەكانی كورد لە هۆشی نەتەوایەتی زیاد دوورنەخاتەوە، دەبێت لە ئێراقی نوێدا گەلی كورد چاوەڕوانی دەستكەوتێكی سیاسی مەزن بێت. جا ئەگەر ئەو دەستكەوتەیش لە ڕووی دیاری كردنی مافەرەواكانی كورددەوە بێت، یان هەبوونی رۆڵ لە گۆڕانكاریە پێویستەكانی وڵاتی تازەی ئێراق دا بێت، خۆ بە خۆ سەنگایی خۆی دەبێت بۆ كورد. لەو گۆڕانكاریانەیشدا، دەكرێت كورد پێ لە سەر گۆڕینی گشت دەستوور و یاسا دەستكردەكانی ئێراق دابگرێت، بەتایبەتی لەو بەندانەی كە ناو و ناوەڕۆكی ئێراق دەستنیشان دەكەن.

ئەگەر بڕیاربێت كە گەلانی ئێراق، بەكوردەوە، وڵاتێكی نوێ لە سەر بنەمای دیموكراتی–فیودرالی پێكبهێنن، پێویستە گۆرانكاری بنەڕەتی لەتێكڕای ئەو بەند و دەستورانەدا بكرێت كە ڕژێمە یەك لەدوای یەكە عەرەبەكانی لەو ۸۳ ساڵەی ڕابردوودا لە ئێراق پێڕەویان كردبوو.

لە سەرووی هەموو ئەو دەستور و یاسانەوە، كورد دەبێت داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو خاڵە بكات كە دەستكاری جوگرافیا كوردستانی باشووری لە لایەن ڕژێمیەكانی پێشووی ئێراقەوە دەناسێت، بە دانیانی خاڵێك كە جوگرافیای مێژوویی كوردستان دیاری بكات. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی بەندی ئێراق تەنها بە وڵاتی عەرەب زانین، واتا "عیراق العروبە، " بۆ كورد گرنگە. لە دەستوری نوێدا دەتواندرێت ناوی وڵاتەكە بگۆردرێت بۆ " ئێراقی دیموكراتی گەل، " تاوەكو بە وڵاتی گەلانی دیكەی ئێراقی بزاندرێت، نەك تەنها بە وڵاتی عەرەب. جونكە لە ناوەڕۆكی خودی دەستووری كۆنی ئێراقدا، گەر چی بەشێوەیەكی كرداریش نەبووبێت، گەلی كورد بە نەتەوەی هاوبەش لەو ولاتەدا ناسروە، بۆیە پێویستە سەرانی كورد جەخت بكەن لە سەر ئەو بەندەی كە ئێراقی ئایندە لە سەر بنچینەی فرە نەتەوەیی دابمەزرێت. لەوڵاتی فرە نەتەویشدا، پێوستە تەواوی كار و باری دەوڵەت لە سەر بنەمای دوو زمانی سەرەكی پێ ئاخافتراو (قسە پێكراو) پێك بێت–كە دوواندن، خوێندن، نوسین، ئاڵا، پاسەپۆرت، دراوو، نوسراوەی سەر شتو مەك و كەلو پەلە بە بەرهەم هێنراوەكانی وڵات، بە هەر دوو زمان دیار بكرێت و. . . كەمە نەتەوایەتیەكانیش مافی ئۆتۆنۆمی و، بەلای كەمەوە مافی ڕۆشنبیریان دەبێت.

هەر لە ئاڵاوە بیگرە، ئاڵای ئێراق نەك تەنها مۆركی یەك نەتەوەیی بە زەقی پێوەدیارە، بەڵكو لە سەر بۆچوونی عەرەب بوونی ئێراق نەخشەكێشی كراوە، بۆیە وەكو نەتەوەی زۆرینە، كورد پێویستە داوای ژێر و ژوری تەواو لەو ئاڵایەدا بكات. ئەگەر بڕیاربێت كە ئاڵای ئێراق هاوشانی ئاڵای كوردستان لە شارە كوردنشینەكاندا بەرزبكرێتەوە، ئەگەر چی هەندێك كەس ئاڵاكەی پێش شەڕی كەنداوی ۱۹۹۹۱ بە ئاڵای ئێراق دەزانن، بەڵام بەبێ گۆڕانكاریە لە ئاڵای ئێراقی ئایندەدا، بە بێگومان گەلی كورد بەو چاوەوە دەڕوانێتە ئەو ئاڵایەی كە سەدان هەزار كوردی لە ژێردا كوژراوە.

گەر عەرەب لە ئێراقی ئایندەدا دەسەلاتی هەبێت و ئەو گۆڕانكاریانەی پێ پەسەند نەبێت، ئەوا سەرانی ئەمڕۆی كورد دەتوانن بەراوردی قەبارەی جوگرافی كوردستان، سەرژمێری دانیشتوانەكە و مێژوی خابەتی بێوەچانی گەلی كورد لە گەڵ گەلێك لە نەتەوە و، وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناڤین و میرنیشینە عەرەبیەكانی كەنداودا بكەن، تاوەكو هەموو لایەك دەگاتە ئاستی ئەو ڕاستیە كە بە بێ گۆڕانكاری بنەڕەتی لە تەواوی دەستوورەكانی پێشووی عێراقدا، فیودراڵی بۆ كورد لە چوار چێوەی ئەو وڵاتەدا بە دەستكەوتێكی سیاسی ناژمێردرێت. ئەگەر شێواندنی بیرۆكەی تاكە نەتەوەی، بە وتەیەكی دیكە، باڵادەست بوونی عەرەب لە ئێراق ئایندەدا بۆ عەرەبەكان كارێكی ئەستەم بێت، دیارە پێكەوە ژیانی دوو نەتەوەی تەواو لە یەك جودا– لە بارەی زمان، دابو نەریەت، شارستانێت و مێژوو، تەنانەت سروشت و جوگرافیایشەوە، لەو وڵاتەدا بۆ هەردوو لا، خۆ گێڵلكردنە. بۆیە ئەگەر گەلی كورد سەركردەی لێوەشاوەی هەبێت، مافی ڕەوای خۆیەتی كە لە

**پاش ٨٣ ساڵ خەبات لە دژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بندەست بوون لە ئێراقدا، سەربەخۆیی لە کوردستانی باشووردا ڕابگەیەنێت. هەڵبەتە بانگەشەی سەربەخۆیی سەرکردەی لێزان و بوێری دەوێت، کە سەد مخابن، لەم سەدەی ٢١یەکەمەیشدا سەرکردەی وا هێشتا لە کوردستاندا هەڵنەکەوتووە. ! ئەگەر هێندەی ئەوەی کە سەرانی لایەنە دەسەلاتدارەکانی ئەمڕۆی کوردستان بە پاراستنی یەکپارچەی خاکی ئێراق و لکاندنی کوردستان بە ئێراقەوە سەر گەرمن، ئەوەندەیش بایەخ بە گۆڕانکاریە سیاسی و یاسایەکانی ئێراقی ئایندە بدەن، ئەوا دەستکەوتی سیاسی لەو وڵاتەدا بۆ گەلی کورد لە فیودرالی زیاتر دەبێت. !!!**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چوونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.